چاکەکردن لەگەڵ دایکۆ وباوکۆ



نوسینی

بارۆ کوردی


بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

پێشەکی

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستهديه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهده الله فهو المهتدي، ومن يضلل فلا هادي له، وإن أصدق الحديث كلام الله، وخير الهدي هدي محمد ﷺ، وإن شر الأمور محدثاتها، وإن كل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار ، والصلاة والسلام على المبعوث رحمة للعالمين، محمد رسول الله صلى الله عليه وآله وصحبه أجمعين والتابعين لهم بإحسان إلى يوم الدين.

أما بعد:

ئایینی ئیسلام کە هات و پێغەمبەر ﷺ کە نێردرا بۆ ئەوە بوو پەیوەندی تاك لەگەڵ دەوروبەری چاك و توند و تۆڵ بکات ، یەکێك لەزیپەیوەندیە هەرە گرنگەکان کە شەرعی ئیسلام گرنگی تایبەتی پێداوە و جەختی لێ کردۆتەوە پەیوەندیە لەگەڵ دایك و باوك ، لە چەندین ئایەت لە کتێبەکەی اللە عزّ وجل باسی لێوە کراوە وە لە فەرموودەکانی خۆشەویستمان ﷺ گرنگی تایبەتی پێدراوە ، تا ئەو ئاستەی ڕازی بوون و تورەبوونی اللە تعالی بەستراوەتەوە بە ڕازی بوون و تورەبونی دایك و باوك بەڵکەی ئەم بابەتەش پێغەمبەری بەڕێز ﷺ فەرمویەتی : عن عبدالله بن عمرو رضي الله عنهما عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: «رضا الله في رضا الوالدين، وسَخَطُ الله في سَخَطِ الوالدين».[1] واتە : لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمر، خوای گەورە لێی ڕازی بێت، ئەویش لە پێغەمبەری خوا ﷺ ، فەرموویەتی: "ڕەزامەندی خودا لە ڕەزامەندی دایک و باوکدایە، تووڕەیی خوداش لە تووڕەیی دایک و باوکدایە".لەم فەرموودەیەدا خودای گەورە ڕەزامەندی خۆی وابەستەی ڕەزامەندی دایک و باوک کردووە، ناڕەزایی خۆی وابەستەی ناڕەزایی ئەوان بووە. هەرکەسێک ڕازیبیان بکات خودای گەورە ڕازی کردووە، هەرکەسێک ناڕازیبیان بکات خودای گەورە ناڕازی کردووە.

[1] رواه الترمذي ، وابن حبان ، والبيهقي.

سوودەکانی فەرموودە:

١- پابەندبوون بە دڵخۆشکردنی دایک و باوک و قەدەغەکردنی ناڕازیکردنیان.

٢- پاداشتەکەش لە هەمان جۆرە لەگەڵ کردەوەکە. هەرکەسێک دایک و باوکی ڕازی بکات، خودا لێی ڕازی دەبێت، بە پێچەوانەشەوە.

٣- سەلماندنی ئەوەی کە ڕازیبوون سیفەتێکی خودای گەورەیە، هەروەها ناڕازیبوون.

واتای هەندێک وشەکان:

ڕەزامەندی خوای گەورە:یەکێک لە سیفەتەکانی کە لەگەڵیدا دەگونجێت، شکۆمەندی بۆ ئەو بێت و خۆشەویستی و هەڵبژاردنی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

تورەیی خودا:یەکێک لە سیفەتەکانی کە شایستەی ئەو بێت، شکۆمەندی بۆ ئەو بێت و بە مانای تورەیی دێت.

لەبەر هۆکاری ئەوەی خەڵکانێك بێ ئاگان لە گرنگی ئەم باس و بابەتە وە گرنگی پێ نادەن یاخود لەگەڵ دایك و باوکیان خراپن و ئازاریان دەدەن ، ئەم کتێبەم نوسی و ئەو دەقانەم تێدا کۆکردۆتەوە کە لە قورئان و سونەت دا هاتوون لەسەر ئەم بابەتە ، بۆیە ئەم پەیامە بۆ هەموو مرۆڤایەتیە ئەوە باش بزانن کە چاك بوون لەگەڵ دایك و باوك فەرمانی ڕاستەوخۆی اللە تعالی یە لە درێژەی کتێبەکەش ئەوە دەسەلمێ بە ئیزنی اللە تعالی ، داواکارم لە مسوڵمانان لەگەڵ دایك و باوکیان چاکەکاربن تا لە ژیان دان ، چونکە بەڕاستی کە لە دەستت دان جا دەزانی چ کەلەنێك لە ژیانت دروست دەبێ ، ڕێزیان بگرن و بە ڕەحم بن لەگەڵیان ، داواکارم لە اللە تعالی تەمەنی باوکم پڕ بەرەکەت بکات و عاقیبەت خێری بکات وە داواکارم لە اللە تعالی لە دابکم خۆش بێت و گۆڕەکەی باغێك بێت لە باغەکانی بەهەشت ، وە ئەم دوعایەش داوا دەکەم لە اللە تعالی بۆ هەموو دایك و باوکەکانی هەموو مسوڵمانان اللهم امين أجمعين ، وصلي الله علي سيدنا محمد وعلى اله وصحبه وسلم

بارۆکوردی

١ ی ذوالحجة ی ١٤٤٦

هـەولێر

بەشی یەکەم : چاکە کردن لەگەڵ دایك و باوك لە قورئانی گەورە

♦ (وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَانًا وَذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَقُولُوا۟ لِلنَّاسِ حُسْنًا وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنكُمْ وَأَنتُم مُّعْرِضُونَ) البَقَرَة : ٨٣

وە یادی ئەوە بکەنەوە . ئەی نەوەکانی ئیسرائیل . کاتێك پەیمانێکی بە هێز وپتەومان لێوەرگرتن لەسەر ئەوەی : کە خوای پەروەردگار بە تاك و تەنهایی بپەرستن و بە بێ هیچ هاوەڵبڕیاردانێك بۆی، و چاك بن لەگەڵ دایك وباوکدا، وە لەگەڵ خزمانی نزیك، وە لەگەڵ ئەو منداڵانەی باوکیان مردوە وتەمەنیان نەگەیشتۆتە باڵغ بون، وە لەگەڵ ئەو هەژارانەی کە ئەوەندەیان نیە بەشیان بکات وپێویستیان پڕ بکاتەوە، وە ئەوەش کە بە چاکترین شێوە قسە لەگەڵ خەڵکدا بکەن، و نوێژەکان بەجوانرین شێوە ئەنجام بدەن، و زەکاتیش بدەن، کەچی ئێوە پشتان هەڵکرد و پەیمانەکەتان شکاند . جگە لە هەندێکی کەمتان نەبێت لەسەری مایەوە . بەڵکو بەردەوامیشن لە پشت هەڵکردنتان .

♦ (۞وَٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا۟ بِهِۦ شَيْـًٔا ۖ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا وَبِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱلْجَارِ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْجَارِ ٱلْجُنُبِ وَٱلصَّاحِبِ بِٱلْجَنۢبِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ مُخْتَالًا فَخُورًا) النِّسَاء : ٣٦

وە خوای پەروەردگار بپەرستن و تەنها ملکەچی ئەو بن، و هیچ هاوەڵێکی بۆ دامەنێن لە پەروەدگارێتی و پەرستندا، و چاکەکاربن لەگەڵ دایك و باوك و مافەکانیان بەجێ بهێنن، لەگەڵ مافی خزمە نزیکەکانتان، و ئەو منداڵە هەتیوانەی کە باوکیان مردووە و نەگەشتوونەتە تەمەنی باڵغبوون، پێویستیان هەیە و ئەوەندەیان نیە کە پێویستیەکانیان پڕبکەنەوە، و جیران و دراوسێ دوور و نزیکەکانتان، و هاوەڵانی سەفەر و هەمیشەیی، ئەو ڕێبوارانەی کە پێویستیان هەیە، و ئەوانەی کە بوونەتە ژێردەستە و موڵکتان لە کوڕان و کچان . بێگومان خوای پەروەردگار کەسانی فیزڵی خۆش ناوێت لە بەندەکانی ئەوانەی کە فەخر وشانازی بەسەر خەڵکەوە دەکەن .

♦ (*قُلْ تَعَالَوْاْ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْۖ أَلَّا تُشْرِكُواْ بِهِۦ شَيْـًٔاۖ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًاۖ وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَوْلَٰدَكُم مِّنْ إِمْلَٰقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْۖ وَلَا تَقْرَبُواْ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَۖ وَلَا تَقْتُلُواْ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ) الأنعَام : ١٥١

ئەی پەیامبەری خوا صلى الله عليه وسلم پێیان بڵێ : وەرن با حەرامكراوەكانی پەروەردگارتان بەسەردا بخوێنمەوە، كە ئەمانەن : هەرگیز هیچ لەدروستكراوەكانی مەكەن بەهاوبەشی لەپەرستنیدا، بەڵكو با هەموو پەرستنەكانتان بەتەنها بۆ خوای پەروەردگار بێت، وەكو ترس وئومێد وپاڕانەوە وجگە لەوانەش، وە چاكەكاری لەگەڵ دایك وباوكتان بكەن بەچاكە ودوعا بۆكردنیان وهاوشێوەكانیان لەچاكەكاری، وە ڕۆڵەكانی خۆتان مەكوژن لەبەر هەژارییەك كە تووشتان بووە، چونكە بەڕاستی خوا ڕۆزی ئێوە وئەوانیش دەدات، وتوخنی ئەو تاوان وگوناهە ئاشكرا گەورانە مەكەون، وئەوەشی كە پەنهان وشاراوەیە، وە ئەو كەسەش مەكوژن كەخوای پەروەردگار كوشتنی حەرامكردووە ئیللا بەهەق نەبێت، ئەوەش وەك ئەوەی كە لەبری كەسێكدا دەكوژرێت، یان بەهۆی زیناوە دەكوژرێن . لە ژنان وپیاوانی زیناكار ، وبكوژی كەسێك كە هەڵگەڕابێتەوە و لەئاین پاشگەزبووبێتەوە، ئائەوانەی كەباسكران ئەوانەن كەخوای پەروەردگار یاساغی لێكردوون، وئامۆژگاری كردوون بەوازلێهێنان لێی، وفەرمانی پێكردوون ووەسیەتی پێكردوون، بۆ ئەوەی لەفەرمان ویاساغی لێكراوەكانی تێبگەن .

♦ (*وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًاۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا) (وَٱخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِى صَغِيرًا) الإسْرَاء :٢٣-٢٤

پەروەردگاری تۆ. ئەی مرۆڤ. فەرمانی کردووە و پابەند و پێویستی کردووە کە پاك و بێگەرد و بەرز و بڵند و تاك ڕابگیرێت لەپەرستندا، وە فەرمانی کردووە بەچاکەکاری بەرامبەر بەباوك و دایك، بەتایبەت لەکاتی پیریاندا، ونەکەی بەشتێك کە لەیەکێکیانەوە دەبینیت و بێزار بیت و بەقورسی بزانیت، و نەکەی هیچ ووتەی خراپیان بەگوێدا بدەی، تەنانەت ووتنی ئۆفیش کەنزمترین ووتەی خراپە، و کردەوەی خراپی لەبەرامبەریاندا لێ نەکەوێتەوە، بەڵکو نەرم و نیانبە لەگەڵیاندا، و هەموو کات ووتەی نەرم و چاکەیان لەگەڵدا بکە .وە لەبەرامبەر دایك و باوکدا ملکەچ و بێفیز و تەکەبوربە وەك بەزەیی پێیاتنیان، وە داوا بکە لە پەروەردگارت بەڕەحم و بەزەیی و فراوانی بەزەیی پێیاندا بێتەوە . لەژیان و مردنیاندا .، هەروەکو ئەوان ئارامیان گرتووە لەسەر پەروەردەکردنی تۆ لەمندالّی و بێتوانایی ئەم لاو ئەولا کردن و تواناتدا .

♦ (وَأَمَّا ٱلْغُلَٰمُ فَكَانَ أَبَوَاهُ مُؤْمِنَيْنِ فَخَشِينَآ أَن يُرْهِقَهُمَا طُغْيَٰنًا وَكُفْرًا) (فَأَرَدْنَآ أَن يُبْدِلَهُمَا رَبُّهُمَا خَيْرًا مِّنْهُ زَكَوٰةً وَأَقْرَبَ رُحْمًا) الكهْف :٨٠-٨١

وە سەبارەت بە مێردمندالّەکەش کە کوشتم ئەوە لە زانستی خوادا بێباوەڕبوو، بەڵام دایك و باوکی باوەڕداربوون، بۆیە ترسی ئەوەمان هەبوو ئەگەر ئەم منداڵە بە زیندووێتی بمێنێت وا لەدایك و باوکی بکات بەرەو کوفر و سەرکێشی بێباوەڕی بیانبات، لەبەر خۆشەویستیان بۆی یاخود لەبەر پێویستیان پێی . بۆیە ویستمان کە خوای گەورە منداڵێکی تر بەو دایك وباوکە ببەخشێت کە چاکتر ودیندارتر وگوێڕایەڵتر بێت بۆیان لەم منداڵە بێباوەڕە .

♦ (وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حُسْنًا ۖ وَإِن جَٰهَدَاكَ لِتُشْرِكَ بِى مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَآ ۚ إِلَىَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ) العَنكبوت : ٨

وه وەسێیت و فەرمانمان بە ئادامیزاد کردووە بەوەی کە چاکەکاربێیت لەگەڵ دایك و باوکیدا، وە بەگوفتار و بەکردەوە چاکەیان لەگەڵدا بکات، وە ئەگەر کۆششیان لەگەڵدا کردیت . ئەی ئادەمیزاد . لەسەر ئەوەی کە هاوبەشم بۆ بڕیار بدەیت لە پەرستنمدا، ئەوا گوێڕایەڵیان مەکە . وە هەموو تاوانەکان و شەرپێچیەکانی تریش جگە لە هاوەڵبڕیاردان هەمان حوکمی ئەویان هەیە لەگوێڕایەڵی نەکردنیاندا ئەگەر داوای ئەنجامدانیان بکەن، چونکە گوێڕایەڵی بۆ هیچ دروستکراوێك نیە لە سەرپێچیکردنی خوای پەروەردگاری پاك و بێگەرددا، هەروەکو چۆن لە پەیامبەری خواوە صلى الله عليه وسلم جێگیر بووە . گەڕانەوەتان هەر بۆ لای منە لە ڕۆژی دواییدا، و ئەو کات هەواڵتان دەدەمێ دەربارەی ئەو کردەوە چاك و خراپانەی کە لە دونیادا دەتانکردن، وە لەسەر ئەوەش پاداشتان دەدەمەوە .

♦ (وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ وَهْنًا عَلَىٰ وَهْنٍ وَفِصَٰلُهُۥ فِى عَامَيْنِ أَنِ ٱشْكُرْ لِى وَلِوَٰلِدَيْكَ إِلَىَّ ٱلْمَصِيرُ) لقمَان : ١٤

وە فەرمانمان بە مرۆڤ کردووە کە چاکەکاربن لەگەڵ باوانیان . واتە : دایك و باوکیان ، چونکە دایکی بەلاوازی لەسەر لاوازی هەڵیگرتووە، و ماوەی دووگیانی . سکپڕی . و لەشیر بڕینەوەی دوو ساڵی خایاندووە، وە پاشان پێمان ووتووە : بەردەوام سوپاسگوزاری خوا بە، پاشان سوپاسگوزاری باوانت بە، گەڕانەوەتان بۆلای منە و هەرکەسە و ئەو پاداشتەی دەدەمەوە کە شایستەیەتی .

♦ (وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ إِحْسَٰنًا ۖ حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا ۖ وَحَمْلُهُۥ وَفِصَٰلُهُۥ ثَلَٰثُونَ شَهْرًا ۚ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَبَلَغَ أَرْبَعِينَ سَنَةً قَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِىٓ أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتَ عَلَىَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَىَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَٰلِحًا تَرْضَىٰهُ وَأَصْلِحْ لِى فِى ذُرِّيَّتِىٓ ۖ إِنِّى تُبْتُ إِلَيْكَ وَإِنِّى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ) (أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ نَتَقَبَّلُ عَنْهُمْ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا۟ وَنَتَجَاوَزُ عَن سَيِّـَٔاتِهِمْ فِىٓ أَصْحَٰبِ ٱلْجَنَّةِ ۖ وَعْدَ ٱلصِّدْقِ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يُوعَدُونَ) (وَٱلَّذِى قَالَ لِوَٰلِدَيْهِ أُفٍّ لَّكُمَآ أَتَعِدَانِنِىٓ أَنْ أُخْرَجَ وَقَدْ خَلَتِ ٱلْقُرُونُ مِن قَبْلِى وَهُمَا يَسْتَغِيثَانِ ٱللَّهَ وَيْلَكَ ءَامِنْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ فَيَقُولُ مَا هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ) (أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ حَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْقَوْلُ فِىٓ أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ ۖ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ خَٰسِرِينَ) الأحقاف : ١٥-١٨

وەسێتمان بە مرۆڤ کردووە بە چاکەکردن لەگەڵ باوانیدا لە ژیانی دونیا و لەپاش مردنیشیان، چونکە دایکی زۆر بە سەختی و بە ناڕەحەتی بە کۆرپەلەیی لەسکیدا هەڵیگرت، و بەسەختی و ناڕەحەتی هێنایە دنیاوە، و ماوەی دووگیانی و لەشیربڕینەوەی سی مانگی خایاندووە . باسکردنی تەنها ئەو ناڕەحەتیانەی کە دایك دەیانکێشێت بۆ باسکردنی ناڕەحەتیەکانی باوك، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مافی دایك بەسەر منداڵەوە گەورەترە لە مافی باوك . تاکو ئەو کاتەی کە مرۆڤ دەگاتە کۆتایی هێزی لەڕووی جەستەیی و مێشکەوە، و گەیشتە چل ساڵان لە پەروەردگاری دەپارێتەوە و دەڵێت : پەروەردگارم سەرکەوتووم بکە بۆ ئەوەی سوپاس گوزاری ئەو نیعمەتانەت بم کە بەسەر خۆم باوانمدا ڕشتووتە، و وام لێبکە کردەوەی چاکی وا ئەنجام بدەم کە تۆ پێی ڕازی بیت، وە نەوە و وەچەکانیشم بۆ چاك بکە، بێگومان من تەوبە دەکەم لە تاوانەکانم و دەگەڕێمەوە لای تۆ، وە من لەو کەسانەم کە گەردنکەچن بۆت و پابەندن بە فەرمان و یاساغیەکانت، و ژێربار وپابەندی حوکم وفەرمانەکانتم . ئا ئەوانەن کە چاکترینی کردەوە چاکەکانیان بە باشترین شێوە لێوەردەگیرین، و لە تاوانەکانیشیان دەبورین و بەگشتی لەڕیزی بەهەشتیان دەبن، ئەمە ئەو بەڵێنەبوو کە بەڵێنمان پێدابوون بەڵێنێکی ڕاست و حەقە کە هیچ گومانێکی تێدانیە . وە ئەو کەسەش لە کاتێکدا کە باوانی بانگی دەکەن بۆ باوەڕهێنان بە خوای پەروەردگار و داننان بە زیندوو بوونەوە پێیان دەڵێت : ئۆف لەدەستی ئێوە : ئایا بەڵێنی ئەوە بەمن دەدەن کە لە گۆڕەکەم بەزیندوی دەر دەهێنرێمەوە، لەکاتێکدا چەندان سەدەیە خەڵکانێکی زۆر لەئوممەتانی پێشوو لەپێش من تێپەڕین، و تیاچوون کەچی کەسیان زیندوو نەکرایەوە ؟

هەردوو باوانیشی لە خوای پەروەردگار دەپارێنەوە کە هیدایەتی بدات و پێی دەڵێن : هاوار بۆ تۆ، بڕوا بهێنە و کردەوەی چاکە بکە، بەڕاستی بەڵێنی خوا بە زیندووکردنەوە ڕاست و ڕەوایە و گومانی تێدا نیە، و ئەویش پێیان دەڵێت : ئەوەی کە ئێوە دەیڵێن جگە لە ئەفسانە و ووشەی پڕوپوچی تۆمارکراوی ئوممەتانی پێشوو زیاتر هیچی تر نیە، و لە کتێبەکانیانەوە گواستراونەتەوە . ئا ئەوانەی کە ئەمە سیفەتیانە شایستەی سزای خوای پەروەردگارن، و سزا و تووڕەبوونی پەروەردگاریان پێویست بوو لەسەریان لە کۆی ئەو ئوممەتانەی پێشوو. لە مرۆڤ و جنۆکە . بەهۆی بێباوەڕی و بە درۆزانینیان، بێگومان ئەوانە هەر هەموویان زەرەرمەندبوون بەگۆڕینەوەی هیدایەت بە گومڕایی، و گۆڕینەوەی ناز و نیعمەت بە ئازار و سزا .

بەشی دووەم : چاکە لەگەڵ دایك و باوك سیفاتی پێغەمبەرانە علیهم السلام

* (يَٰيَحۡيَىٰ خُذِ ٱلۡكِتَٰبَ بِقُوَّةٖۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡحُكۡمَ صَبِيّٗا) (وَحَنَانٗا مِّن لَّدُنَّا وَزَكَوٰةٗۖ وَكَانَ تَقِيّٗا) (وَبَرَّۢا بِوَٰلِدَيۡهِ وَلَمۡ يَكُن جَبَّارًا عَصِيّٗا) (وَسَلَٰمٌ عَلَيۡهِ يَوۡمَ وُلِدَ وَيَوۡمَ يَمُوتُ وَيَوۡمَ يُبۡعَثُ حَيّٗا) مَریَم : ١٢-١٥

جا کاتێك کە یەحیا لە دایکبوو و گەشتە تەمەنێك کە گوتار و ووتە تێبگات، خوای پەروەردگار فەرمانی پێکرد کە تەورات بەدروستی و بەکۆششەوە وەرگرێت، ئەوەش بەوەی کە پێی فەرموو : ئەی یەحیا تەورات وەرگرە بە دروستی و بەکۆششەوە، بەلەبەرکردنی گۆکانی، و تێگەیشتن لە واتاکەی، و کردوە پێکردنی، و حیکمەت و داناییمان پێ بەخشی، لەگەڵ جوانی تێگەیشتن، هەر لە منداڵی و تەمەن بچوکیدا . وە لەلای خۆمانەوە ڕەحمەت و خۆشەویستیمان پێبەخشی، لەگەڵ پاکێتی لەتاوان، و لەخوا ترس و گوێڕایەڵبوو بۆ خوای پەروەردگار، و فەرزەکانی جێبەجێ دەکرد، و لە قەدەغەکراوەکانی دوور دەکەوتەوە . وە چاکەکاربوو لەگەڵ و باوك و دایکیدا، و گوێڕایەڵبوو بۆیان، و فیززل نەبوو لە گوێڕایەڵی پەروەردگاریدا، و نەش لەگوێڕایەڵی دایك و باوکیدا، وە سەرپێچیکاریش نەبوو بو پەروەردگاری، و نەش بۆ دایك و باوکی . وە سەلامی خوای پەروەردگار لەسەر یەحیا بێت، لەگەڵ دڵنیایی لەڕۆژی لەدایك بوون و لەڕۆژی مردنی، و لەو ڕۆژەش کە لە گۆڕەکەی زیندوو دەبێتەوە .

* (قَالَ إِنِّي عَبْدُ ٱللَّهِ ءَاتَىٰنِيَ ٱلْكِتَٰبَ وَجَعَلَنِي نَبِيًّا) (وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ وَأَوْصَٰنِي بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱلزَّكَوٰةِ مَا دُمْتُ حَيًّا) (وَبَرًّۢا بِوَٰلِدَتِي وَلَمْ يَجْعَلْنِي جَبَّارًا شَقِيًّا) (وَٱلسَّلَٰمُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدتُّ وَيَوْمَ أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ حَيًّا) (ذَٰلِكَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ ۚ قَوْلَ ٱلْحَقِّ ٱلَّذِي فِيهِ يَمْتَرُونَ) مَريَم :٣٠-٣٤

عيساش .كه لەلانك و كاتى شيرەخۆريدابوو. فەرمووى : من بەندەى خوام، و فەرمان و بڕيارى بەوە داوە كە پەرتوكم پێبدات، كە ئەويش ئنجيلە، و كردووەى بە پەيامبەر . وە وايلێكردوم كە لە هەر كوێيەك بم چاكە و سود و قازانجم زۆر بێت، و وەسێتى پێكردووم بە پارێزگارى كردن لە نوێژەكانم، و دانى زكات تاكو لە ژياندابم . وە چاكەكارى كردووم لە گەڵ دايكمدا، و واى لێنەكردووم فيز زلبم، وە نە سەرلێشێواو وگومڕايكردووم بەوەى كە سەرپێچكارى پەروەردگارم بم . سەلامەتى و پارێزراوێتيم لە پەروەردگارەوە بۆ هەيە لەو ڕۆژەى كە لەدايكبووم، و لەو ڕۆژەش كە دەمرم، و لەو ڕۆژەش كە زيندووەكرێمەوە . واتە : لەدواڕۆژدا . . ئەوەى كە بۆمان گێڕايتەوە . ئەى پەيامبەرى خوا صلى الله عليه وسلم . سيفەت و سەرگوزەشتەى عيساى كوڕى مەريەمە، بەهيچ گومان و دڵەڕاوكێيەك، بەڵكو ئەمە ئەو ووتە ڕەوايەيە كە جولەكە و خاچ پەرستان گومانيان تێيدا هەيە .

بەشی سێیەم : پێغەمبەرمان ﷺ داوامان لێدەکات میهرەبان بین لەگەڵ دایک و باوکمان

• عبدالله بن مسعودٍ رضي الله عنه قال: سألت رسول الله صلى الله عليه وسلم قلت: يا رسول الله، أي العمل أفضل؟ قال: ((الصلاة على ميقاتها))،قلت: ثم أي؟ قال: ((ثم برُّ الوالدينِ))،قلت: ثم أي؟ قال: ((الجهاد في سبيل الله)).[١]

واتە : عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی: پرسیارم لە پێغەمبەری خوا کرد صل الله عليه وسلم ، وتم: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ کام کردار باشترینە؟ فەرمووی : نوێژ لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا. وتم: «پاشان کامە؟» وتی: «پاشان میهرەبان بوون لەگەڵ دایک و باوکی.» وتم: «پاشان ؟» فەرمووی: جیهاد لە ڕێگای خوادا.

• عن عبدالله بن عمرو بن العاص قال: أقبل رجلٌ إلى نبي الله صلى الله عليه وسلم فقال: أبايعك على الهجرة والجهاد أبتغي الأجرَ من الله،قال: ((فهل مِن والديك أحَدٌ حيٌّ؟))، قال: نعم،بل كلاهما،قال: ((فتبتغي الأجرَ من الله؟))، قال: نعم،قال: ((فارجع إلى والديك فأحسِنْ صحبتَهما)).[٢]

واتە : لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمر کوڕی عاص کە فەرمووی: پیاوێک هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و وتی: بەیعەتتان پێ دەدەم بۆ کۆچ و جیهاد، داوای پاداشت لە خوای گەورە دەخوازم. وتی: ئایا یەکێک لە دایک و باوکت لە ژیاندایە؟ وتی: بەڵێ هەردووکیان. فەرموی: کەواتە تۆ بەدوای پاداشت لە خودا دەگەڕێیت؟ وتی: بەڵێ. وتی: ئینجا بڕۆ بۆ لای دایک و باوکت و بە باشی مامەڵەیان لەگەڵ بکە.

---

[١] متفق عليه
[٢] مسلم

•عن عبدالله بن عمرو رضي الله عنهما قال: جاء رجل إلى النبي صلى الله عليه وسلم فاستأذنه في الجهاد،فقال: ((أحيٌّ والداك؟))، قال: نعم،قال: ((ففيهما فجاهِدْ)).[١]

واتە : لە عەبدوڵڵای ك.ڕی عەمر خوای گەورە لەخۆی و باوکی ڕازی بێت، کە فەرمووی: پیاوێک هاتە لای پێغەمبەر، خوا ﷺ ، و داوای لێکرد کە جیهاد بکات. وتی: دایک و باوکت لە ژیاندان؟ وتی: بەڵێ. فەرمووی: ئینجا لە پێناو ئەواندا هەوڵ بدە.

ئیمامی ابن حجر العسقلانی فەرموویەتی - بە شرۆڤەکردن لەسەر ئەم فەرموودەیە -: جیهاد حەرامە ئەگەر یەکێک یان هەردوو دایک و باوک قەدەغەی بکەن بەمەرجێک موسڵمان بن. چونکە میهرەبان بوون لەگەڵیان واجبێکی تاکەکەسییە لەسەری، جیهادیش واجبێکی کۆمەڵیە. کەواتە ئەگەر ویستی جیهاد بکات ، ئەوا دەبێ ئیزن لە ئەوان وەربگرێت.[٢]

•عن أبي هريرة، قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: ((لا يَجزي ولدٌ والدًا إلا أن يجدَه مملوكًا فيشتريَه فيُعتقَه)).[٣]

واتە: ئەبو هورەیرە دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: کوڕ ناتوانێت چاکەی باوکی بداتەوە، تا کۆیلەی بۆ نەدۆزێتەوە و نەیکڕێت و ئازادی بکات.

---

[١] متفق عليه

[٢] (فەتح الباری لە نووسینی ئیبن حەجەری عەسقەلانی - بەرگی شەشەم - لاپەرە ١٦٣).

[٣] مسلم

زانایان دەڵێن: ئەگەر پیاوێک یەکێک لە باوک یان دایک، یان یەکێک لە کوڕەکانی یان نەوەکانی بکرێت، یان بە هۆکارێکی تر خاوەندارێتی بکات، ئەوا دەبێت بەناوی خۆیەوە ئازادی بکات ئەگەر وسیتی ئازادی بکات.[١]

•عن أبي سعيدٍ الخدري: أن رجلًا هاجر إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم مِن اليمن، فقال: ((هل لك أحد باليَمن؟))، قال: أبواي،قال: ((أَذِنا لك؟))، قال: لا،قال: ((ارجِعْ إليهما فاستأذنهما، فإن أذنا لك فجاهِدْ، وإلا فبَرَّهما)).[٢]

واتە : لە ئەبو سەعید الخدری: پیاوێک هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ ، لە یەمەنەوە. پێغەمبەر ﷺ پێی فەزموو : لە یەمەن کەست هەیە؟ وتی: دایک و باوکم. فەرمووی: ئایا مۆڵەتیان پێداویت؟ وتی: نەخێر. فەرمووی: برۆوە لای ئەوان و داوای مۆڵەتیان لێ بکە، ئەگەر مۆڵەتیان پێدایت، ئەوا شەڕ بکە، ئەگینا ئەرکدار بە بەرامبەریان.

•عن جابر بن عبدالله: أن رجلًا قال: يا رسول الله، إن لي مالًا وولدًا، وإن أبي يريد أن يجتاح (يأخذ) مالي، فقال: ((أنتَ ومالُك لأبيك)).[٣]

واتە : لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵا: پیاوێک وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ من سامان و منداڵم هەیە، باوکم دەیەوێت دەست بەسەر سەروەت و سامانەکەمدا بگرێت. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : خۆت و سامانەکەت هی باوکتن.

تحاوی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: کۆمەڵێک لە زانایان دەڵێن: هەرچی کوڕ بەدەستی هێنا، تەنها هی خۆیەتی و هی باوکی نییە. وتەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەوە نییە کە باوک خاوەندارێتی لە داهاتی کوڕەکە بکات، بەڵکو ئەوەیە بڵێت کوڕ نابێت لە هیچ کام لەوانەدا سەرپێچی باوک بکات، وە فەرمانەکەی جێبەجێ بکات هەر ئەوەندە . ئایا نابینیت پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : تۆ و سەروەت و سامانت هی باوکتن؟ کەواتە کوڕەکە خۆی و سامانەکەی هی باوکەکەیە ئەمە فەرمودەی پێغەمبەرە ﷺ.[٤]

---

[١] (شرح السنه - ئیمامی بغوی - بەرگی ٩ - لاپەرە ٣٦٤).

[٢] أبو داود

[٣] ابن ماجه

[٤] (شرح معاني الآثار - للطحاوي ، بەرگی چوارەم، لاپەرە ١٦٩).

بەشی چوارەم : چاكه كردن لەگەڵ دايك و باوك بەرەكەت دەخاتە تەمەن و ڕزق مرۆڤ

• عن أنس بن مالكٍ، قال: سمعتُ رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: ((مَن سَرَّه أن يبسط عليه رزقه، أو يُنسَأ في أثره، فليصِلْ رحمه)).[1]

واتە : لە ئەنەسی كوڕی مالیک ڕەزای خوای لەسەر بێ فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ ، فەرمووی : هەركەسێک حەز دەكات ڕزقەكەی فراوانتر بێت یان تەمەنی درێژ بكرێتەوە، با پەیوەندی خزمایەتی بپارێزێت.

بێ گومان لەم فەرموودەیە پێغەمبەر ﷺ باسی سیلەی ڕەحم دەكات هەموومان دەزانین دایك و باوك لە هەموو كەس شایستەترن تا بە ڕەحم بین لەگەڵیان و چاكە كاربین بەرامبەریان ، بۆیە هەر كەس دەیەوێ تەمەن و ڕزق بەرەكەت داربێت با لەگەڵ دایك و باوكی بە ڕەحم بێت و چاكە كاربێت لەگەڵیان (نوسەر)

زانایان وەڵامیان دایەوە، وەڵامی ڕاستیان ئەوە بوو:

یەكەم: ئەم زیادبوونەی تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ نیعمەت و سەركەوتن لە ئەنجامدانی كردەوەی چاكە و بەكارهێنانی كاتەكەی لەو شتانەی كە سوودی بۆ دەبێت لە قیامەتدا، پاراستنی لە بەفیڕۆدان لەسەر شتەكانی تر.

[1] رواه مسلم

دووەم: کە سەبارەت بەو شتانەی کە لە لەوحی مەحفوز بۆ فریشتەکان دەردەکەوێت و هاوشێوەکانی، لە لوحەکەدا بۆیان دەردەکەوێت کە تەمەنی شەست ساڵە مەگەر پەیوەندی خزمایەتی نەپارێزێت و ئەگەر بیپارێزێت چل ساڵی بۆ زیاد دەکرێت. وە خودای گەورە دەزانێت لەوە چی بەسەر دێت، و ئەوەش لە مانای وتەکەی اللە تعالی کە دەفەرموێت : «يَمْحُو اللَّهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ» [الرعد: ٣٩].واتە : ئەوەی خوای گەورە بیەوێ دەیسڕێتەوە ، وە ئەوەی بیەوێ دەیهێڵێتەوە . کەواتە سەبارەت بە ناسینی خودای گەورە و ئەوەی پێشتر بڕیاری لەسەر داوە، هیچ زیادبوونێک نییە، بەڵکو ئەمە مەحاڵە. وە سەبارەت بەو شتانەی کە بۆ بوونەوەرە دروستکراوەکان دەردەکەوێت، زیادبوونێکە جێگەی بیرکردنەوە و مەبەستە لە فەرموودەکە.

سێیەم: مەبەست لێی ئەوەیە یادەوەری باشی لە دوای خۆی دەمێنێتەوە، وەک ئەوەی نەمردبێت.[١]

[١] (شرح مسلم النووی ، بەرگی ١٦، لاپەرە ١١٤).

بەشی پێنجەم : فەزڵی دایک و باوک بەسەر منداڵدا

ئیمامی ابن الجوزی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: لە مرۆڤی عەقڵانی شاراوە نییە کە خەڵکی مافی لەسەر یەك هەیە ، وە هیچ کەسێکیش لە دوای خودای گەورە لەسەر بەندە مافی وەک دایک و باوک نییە. دایکەکە بە هەڵگرتنی ئەم بارە قورسە لە سکی ، و لە کاتی لەدایکبوونیدا تووشی تێکچوونی تەندروستی بوە، و زیادەڕەوی لە پەروەردەکردنیدا دەکرد و شەوان بەخەبەر دەمایەوە بۆ ئەوەی گرنگی پێبدات، و هەموو ئارەزووەکانی خۆی لە پێناو ئەودا دوور خستەوە، و لە هەموو بارودۆخێکدا دەیخستە پێش خۆیەوە. باوک هۆکارێکە بۆ دروستبوونی ندانەکەی و خۆشەویستییەکەی ، پەروەردەی کرد و کاری کرد ئەمە باوکە بۆ پێگەیاندنی ڕۆڵەکەی . مرۆڤی دانا مافی دایك و باوکی دەزانێت و هەوڵ دەدات پاداشتیان بداتەوە و نەزانینی مرۆڤ لە مافی دایك و باوك یەکێکە لە سیفەتە نەفرەت لێکراوەکان. ئەگەر وەڵامەکە بە ڕەوشتی خراپەوە بۆ ئینکاری حەق زیاد بکات، ئەوە ئاماژەیە بۆ خراپەی سروشت و بنەمابوونی دۆخەکە و دەرئەنجامە خراپەکە. وە با ئەو کەسەی کە ئەرکدارە بەرامبەر دایک و باوکی بزانێت هەرچەند زیادەڕەوی بکات لە ئەرکدارێتی بەرامبەریان، ناتوانێت سوپاسی ئەوان بکات.[1]

[1] (کتێبی البر والصلة - لە نووسینی ئبن الجوزی - لاپەڕە ٣٩).

بەشی شەشەم : وتەی پێشینە چاکەکارەکان سەبارەت بە میهرەبانی لەگەڵ دایک و باوک

باسی هەندێک لە وتەکانی پێشینە چاکەکارەکان دەکەین سەبارەت بە میهرەبانی لەگەڵ دایک و باوک:

•ئیمامی بوخاری لە کتێبەکەی (الأدب المفرد) وتەی ئیبن عەباسی هێناوە ڕەزای خوای لێ بێت دەفەرموێ [من هیچ کارێک نازانم کە مرۆڤ لە خودای گەورە نزیکتر بکاتەوە لەوەی کە چاکەکار بێت بەرامبەر بە دایکی].

•عبدالرزاق لە کتێبەکەی (مصنف) هێناویەتی کەسێك پرسیاری لە حەسەنی بەصری کرد لە بارەی چاکە کردن بەرامبەر دایك و باوك ئەویش وەڵامی دایەوە و فەرمووی : [ئەوەی کە هەتە لە ماڵ و سامان هی خۆتە پێیان بدەیت، وە گوێڕایەڵی ئەوان بیت لەو کارەی کە فەرمانت پێدەکەن، مەگەر گوناهـ بێت].

•دیسان ئیمام بوخاری لە کتێبی (الأدب المفرد) هێناویەتی لە تەیسەلەی کوڕی مەیاس فەرمووی: ئیبن عومەر ڕەزای خوای لێ بێت پێی وتم : [ئایا دەتەوێت لە دۆزەخ خۆت بپارێزی و حەزت لە چوونە بەهەشتە؟ وتم: بەڵێ بەخوا. وتی: باوکت لە ژیاندایە؟ وتم: دایکم هەیە. فەرمووی: بەخوا ئەگەر بە نەرمی قسەی لەگەڵ بکەیت و خواردنی پێ بدەیت، ئەوا دەچیتە بەهەشتەوە ، وە خۆشت لە تاوانە گەورەکان بەدوور بگرێت.

•ئیبن جوزی لە کتێبی (البر الصلة) وتەی عبدالله ی کوڕی عەمر دەهێنێت ڕەزای خوای لەسەر بێت دەفەرموێ : [گریانی دایك و باوك لە ئازار دانیانە]

•ئیمامی بوخاری لە (الأدب المفرد) لە هیشامی کوڕی عورِوە ئەویش لە ئوبەی ئەویش لە ئەبو هورەیرەوە ڕەزای خوای لەسەر بێت : [دوو پیاوی بینی یەکێکیان بە ئەوی دیکەی دەووت ئەمە چیە بە شێوازێکی مەیلەوتورِە و دەنگی بەرز ئەبو هورەیرە وتی ئەمە چی تۆیە کابرا وتی ئەمە باوکمە ئەبو هورەیرەش ڕەزای خوای لێ بێت فەرموی : بە ناوی خۆی بانگی باوکت مەکە ، وە لە پێشی مەرِۆ لە رِێگادا ، وە لە پێشی دامەنیشە لە کاتی دانیشتن هەردەم لە دوای باوکت بە].

•ئەبی بەکر الطرطوشي لە کتێبی (بر الوالدين) هێناویەتی کە لوقمانی حەکیم بە کورەکەی دەفەرموێ : [ئەی کوڕی شیرینم هەرکەسێك دایك و باوکی لێ ڕازی بێت ئەوە اللە تعالی لێ ڕازیە ، وە هەرکەسێك دایك و باوکی لێ ناڕازی و تورِە بێت ئەوە رحمان لێ ناڕازی و تورِەیە].

•ئیبن جوزی لە کتێبی (البر والصلة) دەڵێ لوقمانی حەکیم بە کورِەکەی فەرموو : [ئەی کوڕی شیرینم دایک و باوک یەکێکە لە دەروازەکان و دەرگاکانی بەهەشت. ئەگەر لێت ڕازی بوون دەچیتە بەهەشت، بەڵام ئەگەر ناڕازی بوون رِێگریت لێدەکرێت بۆ چوونە ژوورەوە].

•عبدالرزاق لە کتێبی (مصنف) لە طاوسی کوڕی کیسانەوە دەیگێڕێتەوە کە فەرمووی : [سوننەتە رِێزگرتن لە چوار کەس: زانا، پیر، حاکم، باوک ، هەروەها وتی: دەوترێت بێ ئەدەبییە پیاو بە ناوی خۆی باوکی بانگ بکات.

•ئیبن جوزی له کتێبی (البر والصلة) هێناویەتی هیشام کوڕی حسان فەرموویەتی: به حەسەنی بصریم وت: من دەمەوێ فێری قورئان بم، دایکم بۆ ژەمی ئێوارە چاوەڕێم دەکات. حەسەنی بصری فەرمووی: خواردنی ژەمی ئێوارە لەگەڵ دایکت، کە دڵخۆشی دەکات، لای من خۆشەویستترە لەوەی بە حەز و ئارەزووی خۆت حەج بکەیت].

•ئیبن جوزی له کتێبی (البر والصلة) هێناویەتی دەڵێ : [دایکی ئەیاس کوڕی معاویه مرد و ئەویش گریا ، لێیان پرسی: چی وات لێدەکات بگری؟ وتی: دوو دەرگای کراوەم هەبوو بۆ بەهەشت، یەکێکیان داخرا].

•ئیبن جوزی له کتێبی (البر والصلة) هێناویەتی دەڵێ :[وەحبی کوڕی منبه فەرمووی : میهرەبانی لەگەڵ دایک و باوك تەرازوو قورس دەکات، میهرەبانی لەگەڵ دایکیدا بناغەکە بەهێز دەکات و ئەوەی بناغەکە بەهێزتر دەکات باشترە تا گرنگی پێ بدەی].

•بغوی له کتێبی (شرح السنة) هێناویەتی که مکحولی شامی دەفەرموێت : [ڕێزگرتن له دایک و باوک کەفارەتێکە بۆ تاوانە گەورەکان].

•ئیبن حەجەری عەسقەلانی لە کتێبی (فتح الباری) هێناویەتی لە سوفیانی کورِی عوینە دەفەرموێ : [هەرکەسێک پێنج نوێژەکەی ڕۆژانە بکات، سوپاسی خودای کردووە، هەرکەسێک دوای ئەوان دوعای بۆ دایک و باوکی بکات، سوپاسی کردوون].

•ئیبن جوزی لە کتێبی (البر والصلة) هێناویەتی دەڵێ : موجاهید کورِی جبر دەڵێت : [کورِ نابێت دەستی باوکی لە خۆی دوور بخاتەوە ئەگەر ویستی لێیدا. هەروەها فەرمووی: هەرکەسێک سەیری دایک و باوکی بکات و بە باشی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات ئەوە چاکەیە، و هەرکەسێک دڵتەنگییان بۆ بهێنێت، سەرپێچی ئەوانی کردووە.

•ئیبن جوزی لە کتێبی (البر والصلة) هێناویەتی دەڵێ : محمد کورِی موحەیریز دەفەرموێت : [هەرکەسێک لەبەردەم باوکیدا بڕوات سەرپێچی لێکردووە، مەگەر پێشی بکەوێت و زیان لە ڕێگاکەی لابات، وە هەرکەسێک باوکی بانگ بکات بە ناوی خۆی، سەرپێچی لێکردووە دەبێت بڵێ ئەی باوکە گیان ، مەگەر بە کەسێك بڵێت: ئەمە ناو باوکمە].

•دیسان ئیبن جوزی لە کتێبی (البر والصلة) هێناویەتی دەڵێ : هەندێک لە داناکان گوتویانە : هاورِێیەتی کەسێکی مەکە کە سەرپێچی دایك و باوکی دەکا ؛ چونکە تۆ بەختەوەر نابیت لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانە چونکە هەق دایك و باوکی نادان کە ئەمە مافێکە لەسەر ئەو چۆن هەق تۆ دەدات کە ئەو هەقە کە لەسەری واجبە پشتگوێ خستوە].

بەشی حەوتەم : دوعای دایک و باوکی چاکەکار وەڵام دەدرێتەوە

یەکێک لەو ڕێگایانەی کە خودای گەورە ڕێز لە دایک و باوکی ڕاستگۆ دەگرێت، وەڵامدانەوەی دوعاکانیانە بۆ منداڵەکانیان یان دژی منداڵەکانیان، بە تایبەت ئەگەر تەمەنیان گەیشتبێتە تەمەنی بالغ بوون. ئەمە واقیعێکە لەبەردەم چاوی ئێمەدا لە ژیانی دونیایماندا ، بەڵگەش بۆ ئەم باسە گرنگە فەرموودەیەکی صەحیح هەیە ئیمامی بوخاری لە کتێبی (الأداب الفرد) هێناویەتی ، عن أبي هريرة، عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: ((ثلاثُ دعواتٍ مستجابات: دعوة المظلوم، ودعوة المسافر، ودعوة الوالد على ولده)) واتە : لە ئەبو هورەیرەوە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : سێ دوعا و پاڕانەوە وەڵام دەدرێتەوە: دوعای ستەملێکراو، دوعای ڕێبوار و دوعای دایک و باوکێک لە منداڵەکەی.

•ئەمە ووتەی پێغەمبەرەکەتە ﷺ جا بۆیە مرۆڤ دەبێت زۆر ئاگاداری ئەم بابەتە بێت ، ناکرێ تۆ کارێك بکەی دایك و باوکت ئازار بدەی و ئەوانیش دوعای خراپت لێ بکەن بەڕاستی ئەوە خراپترین کارە ، دەبێت زۆر بە جوانی هەڵسوکەوت لەگەل دایك و باوك بکرێت.[١]

[١] (نوسەر).

حەسەنی بصری فەرموویەتی: دوعای دایک و باوک سەروەت و سامان و منداڵ بەهێز دەکات، لە کاتێکدا دوعای دایک و باوک دژی منداڵ سەروەت و سامان و منداڵ لەناو دەبات.[١]

•ئەم وتەی حەسەنی بصریش زۆر ڕوونە بێ گومان دوعای باشی دایك و باوکی چاکەکار گەورەترین چەکە بۆ منداڵەکەی هەر بەم دوعایانە منداڵ سەرکەوتوو دەبێت وە هەر چی خەیر و چاکەیە لەم ژیانی دونیاییە دێتە ڕێگای ئەمە جگە لە وەی کە دلخۆش دەبێت بەم چاکەیەی کە لەگەڵ دایك و باوکی کردویەتی وە لە قیامەتیش بەبێ ژمار پاداشت دەدرێتەوە ، وە دوعای خراپی دایك و باوکی چاکەکار گەورەترین کارەساتە بۆ منداڵەکە بەم دوعا خراپانەیە منداڵەکە هەر چی شەڕ و خراپە هەیە توشی دەبێت لەم ژیانی دونیایە جگە لەمەش دڵتەنگ و غەمبار دەبێ بەم کارەی کە ئازاری دایك و باوکی داوە ، وە لە فیامەتیش سزا دەدرێ چونکە دایك و باوکێکی چاکەکاری هەبوە بەڵام گوێڕایەڵی نەکردوون و سەرپێچی ئەوانی کردووە واللە المستعان.[٢]

[١] (البر والصلة) ابن الجوزی.

[٢] (نوسەر).

•ساتێک له خۆڕاگری:

ئەی بەندەی خودا، بیربکەرەوە و بۆ چەند ساتێک بوەستە بۆ ئەوەی بیر لە دۆخی خۆت بکەیتەوە کاتێک مافەکانی دایک و باوکت پشتگوێ دەخەیت. یەکێکیان یان هەردووکیان ئازار دەدەی پاشان لە سێیەکی کۆتایی شەودا لە خەو هەڵدەستێت و لە نیوەی شەودا دوو ڕکاعەت نوێژ دەکات لە خودای گەورە دەپارێتەوە، فرمێسک بە ڕوومەتەکانیدا دەڕژێت و دەستەکانی بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان بە ئارامی و دوعات لێ دەکات و داوا لە خودای گەورە دەکات تۆڵەت لێبکاتەوە. چونکە خراپ مامەڵەت لەگەڵ کرد، بیرناکەیەوە ئەم کارە چۆنە و چژند نژترسی لەسەر تۆ هەیە وە باش بزانە دوعای دایک و باوکی چاکەکار هۆکاری بەختەوەری یان نەهامەتی منداڵەکانیانە لە دونیا و قیامەتدا. ئەمەش فەرنوودەیەکی لەبارەوە هاتیە کە هەردووك ئیمان بوخاری و مسلم ڕیوایەتیان کردووە ، عن أبي هريرة رضي الله عنه: أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: ((ينزل ربُّنا تبارك وتعالى كل ليلةٍ إلى السماء الدنيا حين يبقى ثلث الليل الآخر، يقول: مَن يدعوني فأستجيبَ له، مَن يسألني فأعطيَه، مَن يستغفِرُني فأغفِرَ له)). واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : پەروەردگارمان تبارك وتعالى ، هەموو شەوێک دادەبەزێت بۆ خوارترین ئاسمان کە ئاسمانی دونیایە کاتێک کۆتا سێیەکی شەو دادێت و دەفەرموێت : کێ بانگم دەکات تا وەڵامی بدەمەوە؟ کێ داوای لێخۆشبوونی من دەکات تا لێی خۆش بم؟”.

•باشە ناترسی لەم بابەتە ؟ ناترسی دایك و باوکت لەم کاتە هەستیارە دوعات لێ بکەن تا کەی بە تەمای ئازاریان بدەی ..؟ با بە خۆمان دابچینەوە و بگۆڕێن ئێستاش درەنگ نیە تەوبە بکە و یەکسەر هەستە و دەست بە کار بە ئەگەر دایك و باوکت نزبکن لێت یان ئەگەر دوورن بە پەلە بڕۆ بۆ لایان وە دەستیان ماچ بکە وە پەیمان بدە چیتر ئازاریان نەدەی وە بۆ لەمەودوا ببە منداڵێکی چاکەکار و گوێڕایەڵیان بکە هەموومان دەزانین دایك و باوك لەم ژیانەی دونیا یەك جار بونیان هەیە کاتێك وەفات دەکەن ئیدی هەموو شتێك تەواو ، هەر وەك وترواوە پرسیار لەوکەسانە بکەن کە دایك و باوکیان لە دەست داوە ئەوان دەزانن چ کۆسپێکی گەورە لە ژیانیان دروست بووە ، خۆ ئەگەر ئەوە نەکەی و لەسەر ئازاردانیان بەردەوام بی ئەوە من لێرەوە موژدەی سزای خوای گەورەت پێ دەدەم هەم لە ژیانی دونیا و ژیانی بەرزەخ و هەم لە قیامەتیش چونکە بەراستی ئەم باسە لە قورئان و فەرمووده زۆر بە ڕوونی باسکراوە و هیچ عوزرێك هەڵناگرێ(نوسەر)

بەشی هەشتەم : ڕازیبوونی دایک و باوکی چاکەکار ڕەزامەندی خودای گەورەیە

دەبێت بزانین کە پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان ڕەزامەندی خودای گەورە و ڕەزامەندی دایک و باوکی چاکەکار هەیە. بۆیە دەبێت منداڵان حەز بە دڵخۆشکردنی دایک و باوکیان بکەن و گوێڕایەڵی بکەن. بۆ ئەوەی بگەنە ڕەزامەندی خودا لە دونیا و قیامەتدا. پێغەمبەرمان ﷺ لە زۆرێک لە فەرموودە بەرزەکانیدا ڕێنماییمانی کردووە بۆ ئەمە:

•عن عبدالله بن عمرٍو بن العاص، عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: ((رضا الربِّ في رضا الوالد، وسخَط الربِّ في سخط الوالد)).[١]

واتە : لە عبدالله ی کوڕی عەمر ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : "ڕەزامەندی پەروەردگار لە ڕەزامەندی دایک و باوکدایە، تووڕەیی پەروەردگاریش لە تووڕەیی دایک و باوکدایە". ئەم فەرموودە پیرۆزە بەڵگەیە لەسەر فەزیلەتی میهرەبانی لەگەڵ دایک و باوک، واجبەکەی و هۆکارێکە بۆ ڕەزامەندی خودای گەورە. هەروەها ئەم فەرموودە هۆشداری دەدات لە سەرپێچیکردنی دایک و باوک و حەرامکردنی و هۆکارێکە بۆ تووڕەیی خودای گەورە بەسەر بەندە موسڵمانەکەدا.

[١] رواه ترمذي

•عن عبدالله بن عمر بن الخطاب قال: كانت تحتي امرأة وكنت أحبها، وكان عمر يكرهها، فقال لي: طلِّقْها، فأبيتُ، فأتى عمرُ النبيَّ صلى الله عليه وسلم فذكر ذلك له، فقال النبي صلى الله عليه وسلم: ((طلِّقْها)).[1]

واتە : لە عبدالله ی کوڕی عومەرب کوڕی خەتاب ڕەزای خوای لێ بێت فەرموویەتی : ژنێکم هەبوو خۆشم دەویست، بەڵام عومەری باوکم ڕقی لێی بوو. پێی وتم: تەڵاقی بدە، بەڵام من ڕەتمکردەوە. عومەری باوکم هاتە لای پێغەمبەر خوا ﷺ ئەوەشی بۆ باس کرد. پێغەمبەر خوا ﷺ فەرمووی: تەڵاقی بدە.

سوودێکی گرنگ: لەم فەرموودەیە ڕوونە ئەو کەسەی داوای تەڵاقی لە کوڕەکەی کردووە، عومەری کوڕی خەتاب بووە (خوا لێی ڕازی بێت). هەموو باوکەکان خواپەرست نین، بەڵام دەکرێت هەندێک دوژمنایەتی لە نێوان ژن و دایک و باوکدا هەبێت بۆ بابەتە دونیاییەکان. لەم ڕووەوە پێویستە کوڕ بەدوای دادپەروەریدا بگەڕێت و بزانێت کێ ڕاستە. ئەگەر ژنەکە ڕاست بکات، کوڕەکە دەبێت بۆ دایک و باوکی ڕوون بکاتەوە کە لەم بابەتە ئەوان بە هەڵە داچوونە و بۆیان ڕاست بکاتەوە ، وە پێویستە هەوڵبدات بە باشترین شێوە قەناعەتیان پێبکات لە هەمان کاتدا ژنەکەی بهێڵێتەوە. بەڵام ئەگەر ڕق و کینە بە هۆی بابەتێکی ئایینیەوە بێت، یان بابەتەکە گەیشتبێتە ئاستێک کە ئاشتەوایی مەحاڵ بێت، ئەوا گومانی تێدا نییە کە گوێڕایەڵی باوک پێویستە، و ڕەزامەندی ئەویش پێویستە ، بە کورتی دەبێ گوێڕایەڵی دایك و باوکی بێت وە نابێ زوڵم لە ژنەکەی بکات .

[1] رواه أبو داود

• کابرایەک پرسیاری لە ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل کرد و وتی: باوکم فەرمانم پێدەکات ژنەکەم تەڵاق بدەم. وتی: تەڵاقی مەدە ، وتی: ئایا عومەر ڕەزای خوای لێ بێت فەرمانی بە عەبدوڵای کوڕی نەکردووە کە ژنەکەی تەڵاق بدات؟ وتی: تۆ دەتەوێ باوکت وەک عومەر بێت، خوا لێی ڕازی بێت.[١]

لەم وتەیەی ئیمام ئەحمەد ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئەوە ڕوونە کە حاڵەتەکەی ئیمام عومەر تایبەتە یانی مەبەستەکە ئەوەیە کە کێشەکە لەسەر بابەتێکی ئاینی بووە لەبەر ئەوەش فەرمانی بە عبدالله ی کوڕی کرد تا تەڵاقی بدا وە پێغەمبەریش ﷺ پشت ڕاستی ئەم بابەتەی کردەوە ، کەواتە ناکرێ پیاو لەسەر شتی دونیایی و شتی بێ ئەرزش ژنی تەڵاق دا ئەگەر دایك و باوکیش ئەوە بڵێن تۆ بە جوانی بۆیان ڕوون دەکەیەوە کە لەم باسە ئەوان هەڵەن وە شتەکە وا نیە ، ئەگەر دایك و باوکی چاکەکار لەسەر کێشەیەك یان بابەتێکی ئاینی و قیامەتی دوای ئاگادارکردنەوەی ئافرەتەکە چەندین جار ئەم فەرمانە بکەن دەبێ گوێڕایەڵیان بکەی.

• پرسیار لە ئیمامی ئیبن تەیمیە ڕەحمەتی خوای لێ بێت کرا دەربارەی پیاوێک کە دایکی فەرمانی پێدەکات ژنەکەی تەڵاق بدات. فەرمووی: دروست نییە تەڵاقی بدات، چونکە ئەرك و مافی ئەم ژنەکە لەسەر ئەم پیاوەیە ، بۆیە تەڵاق دانی پەیوەست نیە بە دایکەکە).[٢]

[١] (الآداب الشرعية - لابن مفلح الحنبلي)
[٢] (الآداب الشرعية - لابن مفلح الحنبلي).

•عن أبي الدرداء: أن رجلًا أتاه فقال: إن لي امرأةً، وإن أمي تأمرني بطلاقها،قال أبو الدرداء: سمعتُ رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: ((الوالدُ أوسطُ أبواب الجنة))، فإن شئتَ فأضِعْ ذلك الباب، أو احفَظْه.[١]

واتە : ئەبو دردداء فەرموویەتی پیاوێک هاتە لای پێغەمبەر ﷺ وتی : ژنێکم هەیە، دایکم فەرمانم پێدەکات تەڵاقم بدات. ئەبو درداع دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ ، فەرنووی : (دايك و باوك دەروازە و دەرگای ناوەڕاستی بەهەشتە). ئەگەر ویستت، ئەوا ئەو دەروازەیە لەدەست بدە، یان بیپارێزە.

فەرنووی : (دەروازەی ناوەڕاستی بەهەشت)؛ واتە: باشترین و بەرزترینی دەرگاکان. واتاکەی ئەوەیە: باشترین ئامراز کە مرۆڤ بتوانێت پێی بچێتە بەهەشتەوە و بگاتە ئاستە بەرزەکەی، گوێڕایەڵی دایک و باوکی و ڕەچاوکردنیانە.[٢]

[١] ترمذي
[٢] (مرقاة المفاتيح - علي الهروي).

•روى البخاري (في الأدب المفرد) عن أبي الدرداء قال: أوصاني رسول الله صلى الله عليه وسلم بتسعٍ: ((لا تشرك بالله شيئًا، وإن قُطِّعت أو حُرِّقت، ولا تتركن الصلاة المكتوبة متعمدًا، ومن تركها متعمدًا برئت منه الذمة، ولا تشرين الخمر؛ فإنها مفتاح كل شر، وأطِعْ والديك، وإن أمراك أن تخرج من دنياك فاخرج لهما، ولا تنازعن ولاة الأمر، وإن رأيتَ أنك أنت، ولا تفرر من الزحف، وإن هلكتَ وفرَّ أصحابك، وأنفق من طَوْلك على أهلك، ولا ترفع عصاك عن أهلك، وأخِفْهم في الله عز وجل)).[1]

واتە : بوخاری لە (الأدب المفراد) لە ئەبو درداء ەوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ ، بە نۆ شت ئامۆژگاری کردم: (هیچ شتێك نەکەی بە شەریکی خوا تەنانەت ئەگەر بڕدرابێت یان سووتێنرابێت، بە ئەنقەست واز لە نوێژی دیاریکراو مەهێنە وە هەرکەسێک بە ئەنقەست وازی لێبهێنێت من بێ بەریم لەم زەمانەتەی کە پێی دراوە ، مەشروب مەخۆ چونکە کلیلی هەموو خراپەیەکە ، گوێڕایەڵی دایك و باوکت بە تەنانەت ئەگەر فەرمانیان پێ کردی واز لە خۆشیەکانی دونیا بهێنی گوێڕایەڵیان بکە ، لەگەڵ حاکمی مسوڵمان ناکۆکی مەکە تەنانەت ئەگەر پێت وابێت کە تۆ لەسەر حەق ، لە شەڕ ڕامەکە تەنانەت ئەگەر لەناوچوون و هاوەڵەکانت هەڵهاتن ، لە سامانەکەت بۆ خێزانەکەت خەرج بکە داڕەکەت لە خێزانەکەت بەرز مەکەرەوە و لە پێناو خودای گەورە نەرم و نیان بە لەگەلیان.

[1] (حديث حسن) (صحيح الأدب المفرد للألباني حديث ١٤).

بەشی نۆیەم : چاكه لەگەڵ دايك پێش چاكه لەگەڵ باوك

•باشترين بەڵكه بۆ ئەم بابەته ئەم ئايەتەی قورئانی بەڕێزه كه پەروەردیگارمان سبحانه وتعالی دەفەرموێ : (وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ وَهْنًا عَلَىٰ وَهْنٍ وَفِصَٰلُهُۥ فِى عَامَيْنِ أَنِ ٱشْكُرْ لِى وَلِوَٰلِدَيْكَ إِلَىَّ ٱلْمَصِيرُ) لقمَان : ١٤

وه فەرمانمان به مرۆڤ كردووه كه چاكەكاربن لەگەڵ باوانيان . واته : دايك و باوكيان ، چونكه دايكی بەلاوازی لەسەر لاوازی هەڵيگرتووه، و ماوەی دووگيانی . سكپڕی . و لەشير بڕينەوەی دوو ساڵی خاياندووه، وه پاشان پێمان ووتووه : بەردەوام سوپاسگوزاری خوا به، پاشان سوپاسگوزاری باوانت به، گەڕانەوەتان بۆلای منه و هەركەسه و ئەو پاداشتەی دەدەمەوه كه شايستەيەتی .

•هەروەها الله تعالی دەفەرموێت : (وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ إِحْسَٰنًا ۖ حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا ۖ وَحَمْلُهُۥ وَفِصَٰلُهُۥ ثَلَٰثُونَ شَهْرًا ۚ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَبَلَغَ أَرْبَعِينَ سَنَةً قَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِىٓ أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتَ عَلَىَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَىَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَٰلِحًا تَرْضَىٰهُ وَأَصْلِحْ لِى فِى ذُرِّيَّتِىٓ ۖ إِنِّى تُبْتُ إِلَيْكَ وَإِنِّى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ) الأحقاف : ١٥

وەسێتمان به مرۆڤ كردووه به چاكەكردن لەگەڵ باوانيدا له ژيانی دونيا و لەپاش مردنيشيان، چونكه دايكی زۆر به سەختی و به ناڕەحەتی به كۆرپەلەيی لەسكيدا هەڵيگرت، و بەسەختی و ناڕەحەتی هێنايه دنياوه، و ماوەی دووگيانی و لەشيربڕينەوەی سی مانگی خاياندووه . باسكردنی تەنها ئەو ناڕەحەتيانەی كه دايك دەيانكێشێت بێ باسكردنی ناڕەحەتيەكانی باوك، بەڵگەيه لەسەر ئەوەی كه مافی دايك بەسەر منداڵەوه گەورەتره له مافی باوك . تاكو ئەو كاتەی كه مرۆڤ دەگاته كۆتايی هێزی لەڕووی جەستەيی و مێشكەوه، و گەيشته چل ساڵان له پەروەردگاری دەپارێتەوه و دەڵێت :

پەروەردگارم سەركەوتووم بكە بۆ ئەوەی سوپاس گوزاری ئەو نیعمەتانەت بم كە بەسەر خۆم باوانمدا ڕشتووتە، و وام لێبكە كردەوەی چاكی وا ئەنجام بدەم كە تۆ پێی ڕازی بیت، وە نەوە و وەچەكانیشم بۆ چاك بكە، بێگومان من تەوبە دەكەم لە تاوانەكانم و دەگەڕێمەوە لای تۆ، وە من لەو كەسانەم كە گەردنكەچن بۆت و پابەندن بە فەرمان و یاساغیەكانت، و ژێربار وپابەندی حوكم وفەرمانەكانتم .

•ئیمامی ابن كثیر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: خودای گەورە باسی پەروەردەی دایک و ماندوێتی و سەختییەكانی لە مانەوە لە شەو و ڕۆژدا دەكات. بۆ ئەوەی كورەكە بە میهرەبانی پەروەردە بكات و كەسێكی چاكەكاری لێ دەرچێ ؛ وەک چۆن خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَقُلْ رَبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا ﴾ [الإسراء: ٢٤] (بڵێ: پەروەردگارم ڕەحمیان پێبكە وەک چۆن پەروەردەیان كردم [كاتێک من بچووک بووم » ، هەر بۆیە فەرموویەتی: ﴿ أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ ﴾ [لقمان: ١٤](سوپاسی من و سوپاسی دایک و باوكت بكە). [لوقمان: ١٤] واتە: بە گەورەترین پاداشت پاداشتتان دەدەمەوە.[١]

•أبي هريرة رضي الله عنه قال: جاء رجل إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم فقال: يا رسول الله، مَن أحق الناس بحُسن صَحابتي؟ قال: ((أمك))،قال: ثم من؟ قال: ((ثم أمك))،قال: ثم من؟ قال: ((ثم أمك))،قال: ثم من؟ قال: ((ثم أبوك)).[٢]

واتە : ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لەسەر بێت دەفەرموێ : پیاوێک هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ ، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ، کێ لە نێو خەڵکدا شایستەی هاوەڵیەتی باشی منە و لەگەڵ کێ چاکەکار بم ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ((دایکت))، وتی: پاشان کێ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((پاشان دایکت))، وتی: پاشان کێ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((پاشان دایکت))، وتی: پاشان کێ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((پاشان باوکت)).

[١] (تفسير القرآن العظيم لابن كثير).
[٢] متفق عليه

ئیمامی ئیبن بەتل (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: واتای ئەم فەرموودەیە ئەوەیە کە دایک سێ هێندەی باوک چاکەکاربیت لەگەڵی ، وتیشی: ئەمەش بەهۆی سەختی دووگیانی بووە، پاشان منداڵبوون، پاشان شیرپێدان. دایکەکە لەم کارەدا بەتەنهایە و بەدەستیەوە دەنالێنێت، دواتر لەگەڵ باوکدا هاوبەشە لە پەروەردەکردنیدا.[١]

•ئیمامی قورتووبی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: ئەم فەرموودەیە ئاماژەیە بۆ ئەوەی خۆشەویستی و بەزەیی بۆ دایک سێ ئەوەندەی باوک بێت. پێغەمبەر خوا ﷺ ، سێ جار باسی دایکی کردووە، و تەنها چوارەم جار باسی باوکی کردووە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە سەختی دووگیانی، سەختی منداڵبوون، سەختی شیرپێدان و سەختی پەروەردەکردنی منداڵ تایبەتە بە دایک نەک باوک. ئەمانە سێ هەڵوێستن وە سێ کارن کە باوک لێی بێبەشە.[٢]

•قازی عیاض (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: زۆرینەی زانایان لەسەر ئەو بۆچوونەن کە دایک لە باوک شایستەی چاکەکاریە بەرامبەری بکرێت .[٣]

•عن المقدام بن معد يكرب: أن رسولَ الله صلى الله عليه وسلم قال: ((إن الله يوصيكم بأمهاتكم ثلاثًا، إن الله يوصيكم بآبائكم، إن الله يوصيكم بالأقربِ فالأقرب)).[٤]

واتە : لە مقدامی کوڕی معدیکریب دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خودا ﷺ ، دەفەرموێت : خودا فەرمانت پێدەدات سێ جار میهرەبان بن لەگەڵ دایکانتان، خودا فەرمانتان پێدەکات کە میهرەبان بن لەگەڵ باوکەکانتان، خودا فەرمانتان پێدەکات سەرەتا میهرەبان بن لەگەڵ نزیکترین خزمەکانتان.

فەرمووی : (سێ جار)؛ واتە: سێ جار دووبارەی بکەرەوە بۆ ئەوەی زیاتر جەختی لەسەر بکەیتەوە.

---

[١] (فتح الباري لابن حجر العسقلاني).
[٢] (الجامع لأحكام القرآن للقرطبي).
[٣] (فتح الباري لابن حجر العسقلاني).

[٤] ابن ماجه

•عن معاوية بن جاهمة السلمي: أن جاهمة جاء إلى النبي صلى الله عليه وسلم فقال: يا رسول الله، أردتُ أن أغزو، وقد جئت أستشيرك، فقال: ((هل لك من أم؟))، قال: نعم،قال: ((فالزَمْها؛ فإن الجنةَ تحت رِجليها)).[١]

واتە : معاویە کوڕی جەهمە سلمی فەرموویەتی: هاتمە لای پێغەمبەری خوا ﷺ وتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ویستم بچمە سەفەرێک بۆ جەنگ و جیهاد ، وە هاتمە ڕاوێژت ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : دایکت هەیە ؟ وتی: بەڵێ. فەرمووی: ئینجا لای بمێننەوە، چونکە بەهەشت لە ژێر پێیەکانیدایە.

• عن عائشة رضي الله عنها قالت: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: ((نِمْتُ فرأيتُني في الجنة، فسمعت صوت قارئٍ يقرأ،فقلت: من هذا؟ قالوا: هذا حارثة بن النعمان))،فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم: ((كذاك البِرُّ، كذاك البِرُّ، وكان أبرَّ الناسِ بأمِّه)).[٢]

واتە : لە دایکی ئیمانداران عائیشە ڕەزای خوای لێ بێت فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ ، فەرموویەتی: (خەوتم و خۆمم بینی لە بەهەشتدا، گوێم لە دەنگی خوێنەرێک بوو کە دەیخوێندەوە، بۆیە وتم: ئەمە کێیە؟ ووتیان: ئەمە حارثی کوڕی نعمانە) ، پێغەمبەری خودا ﷺ ، فەرمووی: (ئەوە ڕاستودروستیی و چاکەیە ، ئەوە ڕاستودروستیی و چاکەیە ، ڕاستودروستترین و چاکترینی خەڵک بوو بۆ دایکی).

[١] النسائي

[٢] إمام احمد

• عن أبي بردة بن أبي موسى الأشعري: أنه شهِد ابن عمر ورجل يماني يطوف بالبيت، حمل أمه وراء ظهره، يقول: إنِّي لها بعيرُها المُذلَّلْ إنْ أُذعِرَتْ ركابُها لم أُذْعَرْ ثم قال: يا بنَ عمر، أتُراني جزيتُها؟ قال: لا، ولا بزفرةٍ واحدةٍ.[١]

واتە : لە ئەبو بوردەی کوڕی ئەبی مووسای ئەشعری فەرموویەتی: شایەتحاڵی ئیبن عومەر و پیاوێکی یەمەنی بووم کە تەوافەیان بۆ ماڵەکەی خوا دەکرد ، دایکی لە پشتی خۆیەوە هەڵگرتووە و دەیگوت: من وشترە ملکەچەکەی ئەوم. ئەگەر سوارەکانی دیکە بترسن، من ناترسم. پاشان وتی: ئەی ئیبن عومەر پێت وایە پاداشتی دایکم داوەتەوە؟ وتی: نەخێر تەنانەت پاداشتی یەک ئاھ و ژانت نەداوەتەوە.

[١] بخاری

بەشی دەیەم : چاكەكردن لەگەڵ دايك و باوكی كافر

شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام كەمتەرخەم نییە لە میهرەبانی بەرامبەر دایک و باوک، تەنانەت ئەگەر كافریش بن، چ جای دایک و باوکی سەرپێچیکار. قورئانی بەرز بە شێوەیەکی نایاب داوای لێکردووین لەگەڵ دایک و باوکدا میهرەبان و چاکەکار بین، تەنانەت ئەگەر موشریکیش بن. ئەم مامەڵە میهرەبانە ببێتە هۆکارێک بۆ ڕێنماییکردنیان.

•خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِنْ جَاهَدَاكَ عَلَىٰ أَنْ تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا وَاتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَيَّ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾ [لقمان: ١٥].

وە ئەگەر باوانت . ئەی نەوەی باوەڕدار پێداگریانکرد لەسەر ئەوەی شتێك بکەیت بەهاوەڵی من لەپەرستشەکەتدا بۆ من کە تۆ هیچ بەڵگە و زانیاریەکت پێ نیە دەربارەی، یان فەرمانیان پێکردی بە کردنی سەرپێچیکردنێك لەسەرپێچیکردنەکانی خوای پەروەردگار، ئەوا بەقسەیان مەکە و گوێڕایەڵمەبە بۆیان، چونکە گوێڕایەڵی هیچ بەندەیەك ناکرێ لە سەرپێچی بەدیهێنەردا، بەڵام لەدونیادا بەچاکی هاوەڵداریێتی و هاوەدەمیان بکە لەوانەی کە تاوانیان تێدا نیە، وە . ئەی نەوەی باوەڕدار . ڕێگەیی ئەوانە بگرەبەر کە تەوبەیان کردووە لە تاوانەکانیان، وە بگەڕێوە بۆلای من و باوەڕبهێنە بە پەیامبەرەکەم موحەممەد صلى الله عليه وسلم، وە بشزانە کە گەڕانەوەتان هەر بۆلای منە، و ئەوکات پێتان دەڵێم لەدونیادا چیتان کردوە، و پاداشتی هەموو کەسێکیش بەپێی کردەوەکەی دەدرێتەوە .

لەم ئایەتە اللە تعالى زۆر بە ڕوونی ئەم باسەی یەکلا کردۆتەوە ، بە چاك هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ دایك و باوك بۆ بابەتی دونیایی واجبە لەسەر هەموو مسوڵمانێك با دایك و باوکەکە موشرك بن ئەمە ئەوە ناگەیەنڵ کە تۆ بێ ڕێزیان پێ بکەی.(نوسەر)

•ئیمامی ابن کثیر (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ئەگەر زۆر ئارەزووی ئەوە دەکەن کە تۆ پەیڕەوی لە ئایینەکەیان بکەیت، ئەوا ئەوە لێیان قبوڵ مەکە، وە مەهێڵە ئەوە ڕێگریت لێبکات لە دونیادا بە شێوەیەکی باش دۆستایەتیان لەگەڵیان بکەیت. واتە: بە باشترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵ بکە .[١]

•ئیمامی قورتوبی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر پێویستی پاراستنی پەیوەندی لەگەڵ دایک و باوکی بێباوەڕ بە هەر پارەیەک مرۆڤ بتوانێت، ئەگەر هەژار بن، و بە نەرمی قسە بکات و بە نەرمی بانگیان بکات بۆ ئیسلام.[٢]

•اللە جلّ وعلا دەفەرموێ : (لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِي ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓاْ إِلَيْهِمْۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ) المُمتَحَنة : ٨

ئەی ئەوکەسانەی کە باوەڕتان هێناوە : خوای پەروەردگار قەدەغەی ئەوەتان لێناکات لەوەی کە بە چاکەکاری و دادوەریەوە هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ ئەو بێباوەڕانەی کە بەهۆی ئاینەوە لەگەڵتاندا نەجەنگاون، و لە ماڵ و مەنزڵگاتان شاربەدەریان نەکردوون، وە بێگومان خوای پەروەردگار ئەوانەی خۆش دەوێت کە دادوەرن لە گوفتار و کردارەکانیان .

بیربکەوە بێ باوەڕێکی بێگانە کە نەجەنگابێ لەگەلت و زەرەر و زیانی نەبێ اللە تعالی قەدەغەی ئەوەی نەکردوە کە چاکەکاربی لەگەڵیان ، ئەی ئەگەر ئەو بێ باوەڕە دایك و باوکت بن بێ گومان دایك و باوك ئەگەر بێ باوەڕیش بن ئەولاترە کە تۆ چاکەکار و میهرەبان بی لەگەڵیان ئەمە بەڵگەیەکی ڕون و ئاشکرایە کە اللە تعالی باسی کردوە.(نوسەر)

[١] (تفسير القرآن العظيم لابن كثير).
[٢] (لأحكام القرآن للقرطبي).

•ئیمامی ابن جریر تەبەڕی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: خودا لێتان قەدەغە ناکات کە میهرەبان بن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بەهۆی دین و لە هەموو جۆرە دین و باوەڕێکەوە شەڕتان لەگەڵ ناکەن و دادپەروەر بن لەگەڵیان.[١]

خودای گەورە دەفەرموێت: {بەڕاستی خودا دادپەروەرەکانی خۆشدەوێت} [الممتحانا: ٨]، واتە: خودا دادپەروەرەکانی خۆشدەوێت کە دادپەروەرن بەرامبەر بە خەڵک، وە دادپەروەرییان پێدەبەخشێت لەنەفس خۆیانەوە ، بۆیە میهرەبانن لەگەڵ ئەوانەی میهرەبانن لەگەڵیان، وە چاکە لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەن کە میهرەبانن لەگەڵیان.[٢]

• عن أسماء بنت أبي بكرٍ رضي الله عنهما، قالت: قدِمَتْ عليَّ أمي وهي مشركة في عهد رسول الله صلى الله عليه وسلم، فاستفتيتُ رسول الله صلى الله عليه وسلم قلت: وهي راغبة، أفأصل أمي؟ قال: ((نعم، صِلِي أمَّكِ))[٣]

